# تحليل جغرافي للمراكز التجارية في أربيل وتأثيرها على الأنشطة السياحية

**تحليل جغرافي للمراكز التجارية في أربيل وتأثيرها على الأنشطة السياحية**

**م.م. سۆزان صديق على**
**قسم الجغرافيا، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق**
sozan.ali@su.edu.krd

**م.م. باسم قاسم سليمان گوران**
**قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الاساسية، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق**
Basm.sulaiman@su.edu.krd

**م.م. زێرين ستار ابراهيم**
**قسم الجغرافيا، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، إقليم كردستان، العراق**
Zerin.ibrahim@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** جغرافية , تحليل , مركز , المراكز التجارية , أربيل , الأنشطة السياحية

**كيفية اقتباس البحث**

على , سۆزان صديق , باسم قاسم سليمان گوران , زێرين ستار ابراهيم , تحليل جغرافي للمراكز التجارية في أربيل وتأثيرها على الأنشطة السياحية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

تحليل جغرافي للمراكز التجارية في أربيل وتأثيرها على الأنشطة السياحية

# A Geographical Analysis of Commercial Centers in Erbil and Their Impact on Tourism Activities

**Sozan Sadiq Ali**
**Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**sozan.ali@su.edu.krd**

**Basm Qasim Sulaiman Goran**
**Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**Basm.sulaiman@su.edu.krd**

**Zerin Sattar Ibrahim**
**Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**Zerin.ibrahim@su.edu.krd**

**Keywords** : Geography, Analysis, Center, Shopping Centers, Erbil, Tourist Activities

**How To Cite This Article**
Ali , Sozan Sadiq , Basm Qasim Sulaiman Goran ,Zerin Sattar Ibrahim A Geographical Analysis of Commercial Centers in Erbil and Their Impact on Tourism Activities ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
Erbil, the capital of the Kurdistan Region of Iraq, has seen rapid growth in various fields, especially in the field of trade and tourism.

Of course, malls in the city is one of the important needs that should be provided in the city to meet the needs of the population and promote the movement of tourism,
Malls are not only commercial places but also part of the entire tourism experience in the city. Economically, the presence of large malls has a direct impact on increasing capital inflows, creating job opportunities for youth and attracting tourists Such as (cinemas, stadiums, restaurants and shopping) play an important role.
The importance of the research is that malls in general are economically and socially important because they provide job opportunities for individuals in society and bring in foreign currency, all of which will ultimately affect the recovery of other sectors and improve the economic infrastructure. This research relies on the method (inductive) during the collection of data and information in official institutions with the method (analysis) of the necessary maps of this subject and rely on the geographical information system (GIS) to draw maps with the use of several criteria.
The research site includes Erbil, which includes all (6) municipalities, and the time limit of the research includes the years (2021-2024) for this purpose, based on data and statistics of the Ministry of Commerce and Tourism Board.

ملخص

شهدت أربيل، عاصمة إقليم كردستان العراق، نموًا سريعًا في مختلف المجالات، لا سيما التجارة والسياحة.وبالطبع، تُعدّ مراكز التسوق في المدينة من أهم الاحتياجات التي يجب توفيرها لتلبية احتياجات السكان وتعزيز الحركة السياحية.لا تقتصر مراكز التسوق على كونها أماكن تجارية فحسب، بل تُشكّل جزءًا لا يتجزأ من التجربة السياحية الشاملة في المدينة. اقتصاديًا، يُؤثر وجود مراكز التسوق الكبيرة تأثيرًا مباشرًا على زيادة تدفقات رأس المال، وخلق فرص عمل للشباب، وجذب السياح. وتلعب المرافق الأخرى (دور السينما، والملاعب، والمطاعم، ومتاجر التسوق) دورًا هامًا.تكمن أهمية هذا البحث في أن مراكز التسوق عمومًا ذات أهمية اقتصادية واجتماعية كبيرة، لأنها تُوفر فرص عمل للأفراد في المجتمع، وتجلب العملات الأجنبية، مما يُؤثر في نهاية المطاف على انتعاش القطاعات الأخرى وتحسين البنية التحتية الاقتصادية.
يعتمد هذا البحث على المنهج الاستقرائي في جمع البيانات والمعلومات من المؤسسات الرسمية، بالإضافة إلى تحليل الخرائط اللازمة لهذا الموضوع، كما يعتمد على نظام المعلومات الجغرافية (GIS) لرسم الخرائط باستخدام معايير متعددة.

يشمل موقع البحث مدينة أربيل، بجميع بلدياتها الست، ويغطي نطاقه الزمني الفترة من عام ٢٠٢١ إلى عام ٢٠٢٤، وذلك استنادًا إلى بيانات وإحصاءات وزارة التجارة والسياحة.

لتحقيق هدف البحث، قررنا تقسيمه إلى أربعة محاور: يُعنى المحور الأول بالإطار النظري للبحث، ويشمل عرض المفاهيم وتحديد مجال البحث. ويتناول المحور الثاني تحليل مواقع المراكز التجارية، بما في ذلك توزيعها الجغرافي وتوزيعها. ويناقش المحور الثالث أثر المراكز التجارية على الأنشطة السياحية. أما المحور الرابع، فيُعنى بتحليل العلاقة بين أهمية توزيع المراكز التجارية وتوزيع الطرق الرئيسية في أربيل.

## شیکردنەوەی جوگرافی بۆ مۆڵەکانی شاری هەولێر و کاریگەریان لەسەر چالاکی گەشت و گوزار

م.ی. سۆزان صدیق علی
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sozan.ali@su.edu.krd

م.ی. باسم قاسم سلێمان گۆران
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Basm.sulaiman@su.edu.krd

م.ی. زێرین ستار ابراهیم
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Zerin.ibrahim@su.edu.krd

**پوختە**

شاری هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گەشەیەکی خێرایی بەخۆیەوە بینیوە لە بوارە جیاوازەکاندا بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و گەشتیاریدا، یەکێک لە دیاردە نوێیەکانی ئەم گەشەیە دروستبوونی مۆڵە گەورەکانە کە بوونەتە شوێنی سەرەکی کڕین و فرۆشتن و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان، هەڵبەتە مۆڵەکان لەناو شاردا یەکێکە لەو پێداویستیە گرنگانەی کە پێویستە دابین بکرێت لەناو شاردا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی دانیشتوان و بەرەوپێشبردنی جوڵەی گەشت و گوزار، مۆڵەکان تەنها شوێنی بازرگانی نین بەڵکو بەشێکن لە تەواوی ئەزمونی گەشتیاری لە شاردا، وە لە ڕووی ئابوورییەوە بوونی مۆڵە گەورەکان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زیادبوونی هاتنەژوورەوەی سەرمایەو ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و ڕاکێشانی گەشتیاران لە دەرەوە بۆ ناو شارەکە، چونکە کاتێک گەشتیاران ڕوودەکەنە شاری هەولێر بە مەبەستی گەشت و بەسەربردنی کاتی پشوو سەردانی مۆڵەکان دەکەن چونکە مۆلەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی خزمەتگوزاری و

چالاکیەکانی کات بەسەربردنی وەک(سینەما، یاریگاکان، چێشتخانەکان و کڕینی کەل وپەل) ڕۆڵی گرنگ دەبینن.

گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە مۆڵەکان بە گشتی گرنگی هەیە لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەبەرئەوەی دەبێتە هۆکارێک بۆ دابین کردنی هەلی کار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و هێنانە ناوەوەی پارەی بیانی، هەموو ئەمانەش لە کۆتاییدا کاریگەریان دەبێت لەسەر بوژانەوەی کەرتەکانی ترو باشترکردنی ژێرخانی ئابووری.

وشەی سەرەکی: جوگرافیا، شیکاری، سەنتەر، سەنتەری بازرگانی، هەولێر، چالاکییە گەشتیارییەکان

## پێشەکی:

شاری هەولێر وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا گەشەیەکی خێرایی بەخۆیەوە بینیوە لە بوارە جیاوازەکاندا بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و گەشتیاریدا، یەکێک لە دیاردە نوێیەکانی ئەم گەشەیە دروستبوونی مۆڵە گەورەکانە کە بونەتە شوێنی سەرەکی کڕین و فرۆشتن و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان، هەڵبەتە مۆڵەکان لەناو شاردا یەکێکە لەو پێداویسیتیە گرنگانەی کە پێویستە دابین بکریت لەناو شاردا بۆ پرکردنەوەی پێداویستی دانیشتوان و بەرەوپێشبردنی جوڵەی گەشت و گوزار، مۆڵەکان تەنها شوێنی بازرگانی نین بەڵکو بەشێکن لە تەواوی ئەزمونی گەشتیاری لە شاردا، وە لە ڕووی ئابوورییەوە بوونی مۆڵە گەورەکان کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زیادبوونی هاتنەژوورەوەی سەرمایەو ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و ڕاکێشانی گەشتیاران لە دەرەوە بۆ ناو شارەکە، چونکە کاتێک گەشتیاران ڕوودەکەنە شاری هەولێر بە مەبەستی گەشت و بەسەربردنی کاتی پشوو سەردانی مۆڵەکان دەکەن چونکە مۆلەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی خزمەتگوزاری و چالاکیەکانی کات بەسەربردنی وەک(سینەما، یاریگاکان، چێشتخانەکان و کڕینی کەل وپەل) ڕۆڵی گرنگ دەبینن.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە مۆڵەکان بە گشتی گرنگی هەیە لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەبەرئەوەی دەبێتە هۆکارێک بۆ دابین کردنی هەلی کار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و هێنانە ناوەوەی پارەی بیانی، هەموو ئەمانەش لە کۆتاییدا کاریگەریان دەبێت لەسەر بوژانەوەی کەرتەکانی ترو باشترکردنی ژێرخانی ئابووری.

## گرفتی توێژینەوە:

گرفتی توێژینەوە لەوەدایە سەرەڕای ئەو پەرەسەندنەی ڕوویداوە لە بواری گەشت و گوزار و زیادبوونی گەشتیار بەڵام مۆڵەکان نەیانتوانیوە بەپێی ئەم گەشەسەندنە پێشبکەون و ڕەنگدانەوەی بۆ ئەم پێشکەوتنە هەبێ.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی شوێنی بۆ مۆلەکانی شاری هەولێر لەو ڕوانگەیەی کە ئایا مۆڵەکان توانای پێشوازی لەو ژمارە زۆرەی گەشتیاران هەیە یان بە

پێچەوانەوە، و هەڵوەستە کردن لەسەر ئاستی کاریگەری مۆڵەکان لە چالاکی گەشت و گوزار و ڕاکێشانی گەشتیار هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان(GIS) بۆ شیکردنەوەی شوێنی دابەشبوونی مۆلەکان و دەرخستنی ئەو ناوچانەی کە پێویستیان بە وەبەرهێنانی زیاترە لە کەرتی مۆڵەکان، وە لە کۆتاییشدا پێدانی پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم خزمەتگوزاریە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیە پشت بەستراوە بە میتۆدی(ئیستقرائی) لە ماوەی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لە دامودەزگا فەرمییەکان لەگەڵ پەیڕەوکردنی میتۆدی(شیکردنەوە) نەخشە پێویستەکانی ئەم بابەتە هەروەها پشت بەستن بە سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان(GIS) بۆ وێنەکێشانی نەخشە لەگەڵ بەکارهێنانی چەند پێوەرێکی تایبەت بەم بابەتە.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری شوێنی توێژینەوەکە شاری هەولێر دەگرێتەوە کە خۆی لە سنوری شارەوانی هەر(6) شارەوانی دەبینێتەوە، و سنوری کاتی توێژینەوەکە ساڵانی(2021-2024) لەخۆ دەگرێت بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەستراوە بە داتاو ئاماری وەزارەتی بازرگانی و دەستەی گەشت و گوزاری هەرێم.

**سەرچاوەی داتاو زانیاری:**

بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان پشتمان بەستووە بە

١-سەرچاوەی پەرتوکخانەکان کە بریتین لە پەرتوک، نامەکانی ماستەر و تێزی دکتۆرا بڵاوکراوەکان لە گۆڤارە زانستییەکان و توێژینەوە بڵاوکراوەکان لەسەر تۆڕە جیهانیەکان.

٢-سەرچاوە فەرمیەکان کە بریتین لە داتاو ئامارەکانی کە لە دامودەزگا و فەرمانگە فەرمییەکان دەستمان کەوتووە، لەگەڵ داتا دەستوەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانی پرۆگرامی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان(GIS).

**گرفتی توێژەر:**

ئەو گرفتانەی ڕووبەڕوی توێژەران بوونەوە بریتین لە:

١-کەمی داتای پێویست بۆ توێژینەوەکە.

٢-نارێکی لەو داتایانەی کە دەست توێژەران کەوتوە بۆ توێژینەوەکە.

٣-گۆڕانکاری وەرزی لە چالاکی گەشتیاری (وەرزی هاوین، بۆنە تایبەتەکان و پشووە گشتیەکان) کە کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دەبێت.

**پلانی توێژینەوە:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە بە باشمان زانیوە توێژینەوەکە بۆ چوار تەوەر دابەشبکەین:



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

**تەوەری یەکەم:** تـایبەتکراوە بە چوارچێـوەی تیـۆری تـوێژینەوەکە کە بـریتیە لە ناسـاندنی چەمکەکان و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە.
**تەوەری دووەم:** بـریتییە لە شـیکردنەوەی شـوێنی مۆڵەکـان ئەویـش پێکـدێت لە دابەشـبوونی جوگرافی مۆڵەکان و شێوازی دابەشبوونی مۆڵەکان.
تەوەری سێیەم: بریتیە لە باسکردنی کاریگەری مۆڵەکان لەسەر چالاکی گەشتیاری.
**تەوەری چوارەم:** تایبەتکراوە بە شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان سـەنگی قورسایی دابەشبوونی مۆڵەکان و دابەشبوونی ڕێگا سەرەکیەکانی شاری هەولێر.

**تەوەری یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەکان و ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**یەکەم: ناساندنی چەمک و زاراوەکان:**

**مۆڵ/** بریتییە لە شوێنێکی گەورەی بازرگانی کە چەندین فرۆشگاو خزمەتگوزاری و شوێنی پارکینگی ئۆتۆمبێل بە شێوەیەکی پلان بۆ دانراو کۆدەکاتەوە، بە مەبەستی دابینکردنی خزمەت و کڕین بۆ گەشتیاران و کڕیارەکان دروست دەکرێت.(dictionary. Cambridge. Org)

**مۆڵ/** ووشـەی مـۆڵ بە مانـای سـەنتەری بـازاڕیکردن دێت بۆ سـەردانیکەران و ئەم کۆمەڵگا بازرگانیانە چەندین ناوی تریان پێدەگوترێت وەک(پلازا) یان (مۆل) و جیاوازی هەیە لە نێوان سەنتەری بازرگانی و مۆل، سەنتەری بازرگانی پێکدیت لە ئۆفیسـی خزمەتگوزاری کۆمپانیا جۆراوجۆرەکـان، بەلام مـۆل ئاماژەیە بـۆ  بـازاڕێکی تەواو بەڵام بە تێگەیشـتنێکی شارستانی ووشەی مۆڵ بە مانای سەنتەری بازاڕیکردن دێت یان سەنتەری بازاڕیکردن لەگەڵ پارک بۆ سەردانیکەران جا داخراوە یان داپۆشراو.(عبدالامیر,عدد٤٦,ص٢٨٥)

**مـۆڵ/** سـەنتەرێکی بازرگـانیە پێکـدێت لەیەک نهـۆم یـان زیـاتر، لە بنەڕەتـدا بە نـاوی مـۆڵ دادەمەزرێندرێت، ئەم بینایـانە دروست دەکرێت وەک سـەنتەرێکی بازرگـانی تەواو و هەموو نهۆمەکانی پێکدێن لە یەکەی کارکردن و دابەشکردنی مۆڵەکان بۆ شـوێنی پرۆژەی بازرگانی و خزمەتگـوزاری و خۆشـگوزەرانی وەک شـوێنی جل کـڕین و کافتیریـا و سـینەما......هتد. (فهمی, عدد٥, ٢٠٢١, ص٢٢٩).

**مۆڵ/** ئەو شوێنەیە کە کاڵاکانی بە هەموو جۆرەکانەوە بۆ ئاڕاستە دەکرێت، لەوێدا مامەڵەیان بۆ دەکرێت یان بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەو شوێنەیە کە گواستنەوەی خاوەندارێتی کاڵاکانی تێدا ئەنجام دەدرێت. (مجلة كلية الهندسة, جامعة الغيوم, ص٢٧)

**گەشت و گوزار:** زاراوەی گەشت و گوزار پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەلایەن نوسەران و ڕێکخراوە جیهانیەکان. گەشت و گوزار بە زمـانی ئینگلیزی واتە (tourism) هەروەک لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد هـاتووە بەوەی کە گەشتێکە لە مـاڵ دەسـتپێدەکات و لە هەمـان شـوێنیش کۆتـایی پێدێت لە مـاوەی ئەو گەشـتەیدا ئەو شـوێنانە هەڵدەبژێرێت کە مەبەسـتییەتی و بـۆی دەچێت جا چ بە تاک یان بە کۆمەڵ بێت کە لەلایەن کۆمپانیای تـایبەت ڕێکخراوە. (الحمودة, ٢٠٠٦, ص١١)

**هەروەها دکتۆر (ماهر عبدالعزيز توفيق) پێناسەی گەشت و گوزار** دەکات و دەڵێت بریتییە لە کـرداری جـولەی مـرۆڤ لە شـوێنێک بـۆ شـوێنێکی تـر بـۆ مـاوەیەکی کـاتی و بەشـێوەیەکی ڕێکخراو بۆ بەدەستهێنانی ئاسوودەیی دەروونی.( توفيق, 2006, ص11)

**گەشتیار/** ڕێکخراوی وێبسترز(websters) پێناسەی گەشتیار دەکات و دەڵێت ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە گەشت کردن بە مەبەستی خۆشی و بەدەستهێنانی ڕۆشنبیری. (دیوانە، 2008، ص٥)

**ئاژانسی گەشت و گوزار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1973 پێناسەی گەشتیار دەکات** بەو کەسەی کە گەشت دەکات بۆ شوێنێکی دوور لە ماڵ (شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی) بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە (50) میل. (علی, نامەی ماستەر2016، ل18)

**شیکردنەوەی شوێنی/** ئەو ڕێگایانەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانی پەیوەندی شوێنی نێوان دیاردەکان لەسەر بنەمای پێوانی شوێنی، شێوە، قەبارە، ناوچە، دووریەکان، ڕووبەر و هاوبەشبوون و یەکسانبوون، بەرزی و نزمبوون، پۆلین کردن، کۆکردنەوە و ڕێکخستن بەمەبەستی شیکردنەوەی پەیوەندییە شوێنییەکان و تێگەیشتن لە ڕێگاکان و دابەشبوونی دیاردەکان لەسەر ڕووی زەوی. (http/w.w.w.scriba.com)

## دووەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:


### یەکەم: ناساندنی شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی:

شوێن هەڵکەوتەی شار دەنوێنێ سەبارەت بە ناوچەکانی دەوروبەری کە کاری لێدەکات و پێشی کاریگەردەبێت.(عزیز, ٢٠١٣, ل٣٥). هەڵکەوتەی شوێن بە گرنگترین دیاردە جوگرافیە سروشتیەکان دادەنرێت کە کاردەکاتە سەر دانیشتوان و بڵاوبوونەوەیان و ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشی دەکەن.(زێباری، ژ.8، ساڵی 2000، ل9)

### أ- شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری هەولێر:

مەبەست لێی شوێنە بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی، شاری هەولێر بنکەی کارگێری پارێزگای هەولێر، لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (12⁼، 7ˉ، 36°) بۆ (18⁼، 17ˉ، 36°) باکوور و هێلی درێژی (36⁼،8ˉ، 44°) بۆ (30⁼،56ˉ، 44°) ی خۆرهەلات، نەخشەی (1) بەم شێوەیە شاری هەولێر دەکەوێتە ناوەڕاستی پارێزگای هەولێر و ناو جەرگەی هەرێمی کوردستان ئەمەش ڕۆلی خۆی هەیە لە پەرەسەندنی جولەی گەشتیاری لەم شارە.

**نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی شاری هەولێر**




سەرچاوە: کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی ArcGIS، پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، هۆبەی GIS، و وەزارەتی شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کۆمەڵگای شاویس.

**ب- شوێنی جوگرافی شاری هەولێر:**

مەبەست لە شوێنی جوگرافی شوێنە بەگوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری، دەکرێت شوێنی جوگرافی بکرێت بە دوو بەش، یەکەمیان: شوێن سەبارەت بە دیاردە سروشتیەکان و دووەمیان: شوێن سەبارەت بە دیاردە شارستانیەکان یاخود مرۆییەکان، شاری هەولێر لەلایەنی سروشتیەوە لە شوێنی دەروازەیی هەڵکەوتوە و خاڵی بەیەکگەیشتنە لە نێوان دوو ژینگەی جیاوازدا لەڕووی بەرزی و نزمی و ئابووری بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە دامێنی چیاکان.(جنابی, الموصل, ١٩٨٧,ص٥٢)، سەبارەت بە شوێنی جوگرافی شاری هەولێر سەنتەری کارگێری پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بەشی ناوەڕاستی پارێزگاکەیە، هەروەها شوێنێکی سەنتەری هەیە سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عیراق. گرنگی ئەم شوێنە جوگرافیەی تەنها لە ئاسانکردنی پەیوەندی نیە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، بەڵکو ئاسان پەیوەندیکردنە بە شارە جیاوازەکانی عیراقیش.(الجنابی, جامعة الموصل, ١٩٨٧, ص٢٠)، لەڕووی ڕووبەرەوە شاری هەولێر ڕووبەرەکەی 169,124کم$^2$، کە لە(115) گەڕەک پێکهاتووە وە شاری هەولێر بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی گوازراوەیە لەنێوان ناوچەی دەشت و ناوچەی چیا بۆیە ناوچەیەکی گونجاوە و بۆتە سەنتەری وەستانی ئەو کەسانەی دەچن بۆ ناوچەی چیایی و سەنتەری گەشتیاری هەربۆیەش لە وەرزی گەشت و گوزار پەستانێکی

زۆری دانیشتوان دروست دەبێت لەسەر ئەم شارە بۆ ئەمەش وا پێویست دەبێ کە چەندین شوێنی گەشتیاری دروستبکرێن وەک (هۆتێل، چێشتخانە، مۆڵەکان و ......هتد.).

**تەوەری دووەم: شیکردنەوەی شوێنی بۆ مۆڵەکانی شاری هەلێر:**


**1- دابەشبونی جوگرافی:** مەبەست لە دابەشبوونی جوگرافی بریتیە لە بڵاوبونەوەی دیاردەکان لە پانتاییەکی جوگرافیدا، کە جوگرافیناسان لە ڕێگەی دروستکردنی نەخشەی دابەشبوونی دیاردەکانەوە هەوڵی خستنەڕووی سروشت وکەتواری ڕاستەقینەی دیاردەکە دەدەن لە پێناو ئامانجە جیاجیاکاندا( محمد مهدی کریم و ئامانج فواد احمد،لا347،ساڵی2019)، بۆ گەشتین بە ئامانجی توێژینەوەکە لەخوارەوە لەسەر دوو ئاستی جیاواز باس لە دابەشبوونی جوگرافی مۆلەکانی شاری هەولیر کراوە بەمەبەستی گەشت بە سروشتی دابەشبونیان و هۆکاری چۆنیەتی شێوازی دابەشبوونیان، بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**خشتەی(1) دابەشبونی جوگرافی مۆلەکانی شاری هەولێر(2026)**

| ژ | ناوی مۆڵ | ساڵی کردنەوەی | شوێن بە پێی گەرەک | شوێن بە پێی جۆری شەقام | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | فاملی مۆڵ | 2010 | سەفین2 | شەقامی 100 مەتری | بازنەیی |
| 2 | ماجدی مۆڵ | 2010 | سەروەران | ڕێگای کۆیە | تیشکی |
| 3 | هەولێر مۆل | 2010 | سێ تاقان | شەقامی نەخۆشخانەی جمهوری | تیشکی |
| 4 | ڕۆیاڵ مۆڵ | 2011 | شۆڕش | شەقامی 60 مەتری | تیشکی |
| 5 | تابلۆ مۆڵ | 2014 | ئازادی | ڕێگای کەرکوک | تیشکی |
| 6 | مێگا مۆڵ | 2015 | خانزاد | ڕێگای شەقلاوە | تیشکی |
| 7 | گولان مۆڵ | 2020 | بەختیاری | شەقامی 40 مەتری | بازنەیی |
| 8 | گراند ماجدی مۆڵ | 2024 | شاوێیس | ڕێگای شەقڵاوە | تیشکی |
| کۆ | 8 | | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەران، بەپشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ..........

**أ- دابەشبوونی جوگرافی مۆڵەکان لەسەر ئاستی شاردا:-** مەبەست لێ دەسنیشانکردنی شوێنی جوگرافی مۆلەکانە بە پێی سنوری گەرەکەکان لەسەر ئاستی شاردا، بەسەیرکردن لە خشتەی(1)و نەخشەی(2) بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا ژمارەی مۆلەکانی شاری هەولێر خۆیان لە (8)مۆڵ دەبینەوە، و بەسەر (8) گەرەک لە کۆی (115) گەرەکی شارەکە دابەشبوونە، ئەم ژمارە کەمەی مۆلەکان بەبەراورد بە زۆری ژمارەی گەرەکی شارەکە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا ئەم مۆڵانە لە رووی ناوبانگەوە ناوسراو و بەناوبانگن و گەورەن لەرووی ڕووبەرەوە، بۆیە ناکرێت لە هەر گەرەکێک یان چەند گەرەکێک مۆلێکی لەم شێوەیە دروست بکرێت، چونکە لەلایەک پێویستیان بە ڕووبەرێکی فراوان هەیە لە شاردا، کە دابینکردنی ئەم ڕووبەرەش کارێکی ئاسان نیە و گرفت بۆ پێکهاتەی شارو بەکارهێنانی زەوی لەشاردا دروست دەکات، و لەلایەکی تریشەوە دەکرێت بلێن ئەم ژمارە مۆلە توانیویەتی پێداویستیەکانی شاری هەولێر پربکاتەوە.





**نەخشەی (2) دابەشبونی جوگرافی مۆڵەکانی شاری هەولێر بە پێی گەڕەکەکان(2026)**

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشت بەستن بە Base Map، لە ڕێگەی بەکارهێنای پرۆگرامی ArcGIS .

**ب- دابەشبوونی جوگرافی مۆڵەکان بە پێی جۆری شەقامەکان:-** مەبەست لێ دەستنشانکردنی شوێنی جوگرافی مۆلەکانە بە پێی جۆراوجۆری شەقامەکان، وەک ئاشکرایە شاری هەولێر بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی قەڵای هەولێر تا ڕادەیەک کەتووەتە ناوەڕاستی شارەکە، کە ئەمەش وایکردوە تایبەتمەندیەکی جیاواز لە شێوازی درێژبوونەوەی شەقامەکان لە شارەکەدا پیشان بدات کە جیاوازتربێت لە شەقامی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان،بە نوونە( شاری سلێمانی و شاری دهۆک)، شێوازی درێژبونەوەی شەقامەکان لە شاری هەولێر بە شێوەیەکی گشتی خۆیان دەبینەوە لە( **شەقامی بازنەیی و ڕێگای تیشکی**)، شەقامە بازنەیەکان بە شێوەیەکی ڕێزبەندی کە لەدەوروبەری قەڵا دەست پێ دەکات بە شەقامی(30م، 60م، 40م، 100م، 120م، 150م)ین وڕێگا تیشکیەکانیش بریتین لە ڕێگای( کۆیە، شەقڵاوە، بەحرکە، دهۆک، موصل، گوێر، مەخموور، کەرکوک)ن، کە دەکرێت بلێن ئەم جۆرە شەقام و ڕێگایانە بە شێوازێکی باش و ئەرێنی دادەنرێت لە سیستەمی ڕێگاوبان لە جیهاندا، چونکە هاتوچۆکردن تێدا ئاسانترە و بە کامترین کات و ماوە دەگەیتە سەنتەری شار، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین هەریەک لە شەقامەکانی بازنەی و ڕێگاکانی تیشکی) بە شێوویەکی ڕوون کاریگەریەکەیان لەسەر دابەشبنی جوگرافی خزمەتگوزاریەکان بەگشتی لە شارەکەدا هەستی پێ دەکرێت لە نێویشیاندا دابەشبونی جوگرافی مۆلەکان، بە سەیرکردن لە خشتەی(1) و نەخشەی(3)

بۆمان بەدیاردەکەوێت کەوا(6) مۆڵ لە کۆی(8) مۆڵ لەسەر ڕێگای تیشکی هەڵکەوتوونە، کە ئەم ڕێگایانە بە دەروازەی گەشتن بە سەنتەری شار دادەنرێت هەر هەر جوار ئاراستەی شارەکەدا، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین هۆکاری دروستکردنی ئەم مۆڵانە لەسەر ئەم ڕێگایانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا بە ئاسانتر دانیشتوان دەستی پێ دەگات، و شوێنەکانیان کراوەتر و دیارترە وەک ئەوەی لە سەنتەری شار دروست بکرێت، چونکە وەک ئاشکرایە ئامانج لە دروستکردنیان لەلایەک پشاندانی بەبازارکردنی کەڵو پەڵ و پێداویستەیەکانە بە شێویەکی نوێی و هاوچەرخ و لەلایەکی تریشەوە ناوەندێکە بۆ کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی، هەرچی دوو مۆلەکەی ترە کە( فاملی مۆل و گوڵان مۆڵ)ن، لەسەر شەقامی بازنەی هەڵکەوتونە هەڵبەتە ئەمەش بە ئاماژەیەکی باش دادەرێت چونکە شەقامە بازنەییەکانیش هاتوچۆکردن تێدا ئاسانەو دانیشتوان بە ئاسانی دەستیان پێ دەگات.

**نەخشەی (3) دابەشبونی جوگرافی مۆڵەکانی شاری شاری هەولێر بە پێی**




**شەقامەکان(2026)**

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشت بەستن بە Base Map، لە ڕێگەی بەکارهێنای پرۆگرامی ArcGIS

**2- تایبەتمەندی شوێنی شێوازی دابەشبوونی مۆلەکان:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە کە بە زۆری پێوەرەکانیەوە ناسراوە دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێک بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان، و هەر یەک لەم پێوەرانە ئاماژە و تایبەتمەندی جوگرافی تایبەت بەخۆیان هەیە لەوانە ( ناوەندی شوێنی-Mean Center)، ( ئاراستەی دابەشبون Direction Distribution)، (دووری پێوانەیی Standard Distance)، ( تێکڕای نزیکتری هاوسێ- Average Nearest


Neighbor) کە بەکاردەهێنرێت بۆ تـوێژینەوە لە سروشـت و تایبەتمەنـدی دابەشـبوونی دیاردەکان،(ساسان حکمت علی و مظفر احمد ڕسوک،لا46،سالی2020). بۆ ئەم مەبەستە لەخـوارەوە ئەم پێـوەرەوانە بەکـار هێنـراون بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی تایبەتمەنـدی شـوێنی مۆڵەکانی شاری هەولێر بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**أ- ناوەنـدی شـوێنی مۆڵەکـان(Mean Center):** بە یەکێـک لە پێـوەرە سـەنتەریەکانی دابەشبوون هەژماردەکرێت لە زانستی ئاماریدا ئەمەش لە ئەنجامی دابەشکردنی کۆی گشتی بەهاکان بەسەر ژمارەی خاڵەکاندا دەردەکرێت، کە لەچوارچێوەی هاوکێشـەیەکی تایبەتدا ئەم خاڵە دەکەوێتە ناوەڕاستی سەرجەم خاڵەکانەوە کەوا لەناوچەکەدا بونیان هەیە و بڵاوبونەتەوە، بە هۆیەشـەوە دەکرێت لە ڕێـگەی نەخشـە کێشـان تایبەتمەنـدی دابەشـبوونی دیاردەکـان پیشان بدرێت، بەجۆرێک بە نزیک بوونەوەی دیاردەکان لە خالی سەنتەری ناوەندی ئەوا ئاماژەیە بە کۆبـوونەوەیەکی نمـوونە و بە پێچەوانەشـەوە بە دووری کەوتـنەوە لە خـالی ناوەنـدی ئامـاژە بەوەی هۆکاریـک لەپشـت دابەشـبوونی دیاردەکـان هەبـووە،( هەردی عبـدالرحمان حمەعلـی، لا116، سـالی2016). لەکـاتی جێبەجێکردنـی ئەم پێوەرە لەسـەر مۆڵەکـانی شـاری هـولێر بە سەیرکردنی لە نەخشەی(4) بۆمان بەدیار دەکەوێت کەوا ناوەندی شوێنی مۆڵەکان کەوتووەتە گەرەکـی (خـانزاد) کە یەکێکە لە گەرەکەکـانی بـاکوری خۆرهەلاتی شـاری هەولێـر، ئەمەش ئامـاژە بە کۆبـوونەی مۆلەکـان لە دەروبەری ئەم خـالە، بە واتـایەکی تـر دەکرێت بلێـین بە شێوەیەکی گشـتی مۆلەکـان کەوتـونەتە بەشـی بـاکوری خۆرهەلاتی شـاری هەولێـر، واتـا بە شێوەیکی یەکسان بەسەر بەشەکانی ئاراستەی شارەکە دابەش نەبوونە.

**خشتەی (2) دەرئەنجامی ناوەندی شوێنی دابەشبوونی مۆڵەکانی شاری هەولێر 2026**

| خزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | ناوەندی شوێنی |
|---|---|---|---|
| مۆڵەکان | 413049.7.2 | 4007246.3.6 | گەڕەکی خانزاد |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی تەکنیکی




مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ناوەندی شوێنی بۆ شوێنی جوگرافی مۆڵەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS) .

**نەخشەی (4) تایبەتمەندی شوێنی دابەشبوونی مۆڵەکانی شاری شاری هەولێر (2026)**

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشت بەستن بە Base Map، لە ڕێگەی بەکارهێنای پرۆگرامی ArcGIS .

**ب- ئاراستەی دابەشبونی مۆڵەکان(Direction Distribution):** دابەشبوونی شوێنی دیاردەکان وێنەی کۆتایی کۆمەڵێک لە پەیوەندییەکانی نێوان دیاردە جیاوازەکانە، دابەشبوونیش بێگومان ئاراستەی تایبەتی خۆیی هەیەو لە ئەنجامی کۆمەڵە فاکتەریکە، ئەم ئاراستەیەش هەندێک جار بە شێوازی هێلکەیی ناودەبرێت بۆ پێوانەکردن ودیارکردنی پلەی بلاوبونەوەی دیادەکە و سەنتەری شێوە هێلکەییەکە لەسەر نەخشەکەدا دەکەوێتە سەر یەکێک لە خالە ناوەندیەکان ئەویش سەنتەری ناوەندییە( باسم قاسم سلێمان گۆران، لا35، سالی2022)، جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لەسەر مۆلەکان بە سەیرکردن لە نەخشەی(4) بۆمان ڕووندەبتەوە کەوا ئارستەی دابەشبوونی مۆلەکان لە شاری هەولێر شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتووە بە پلەی سوڕانی(47.3) بە ئاراستەی باشووری خۆرئاوا بۆ باکوری خۆرهەلات، هەڵبەتە ئەمەش بۆ شێوازی دابەشبوونی مۆلەکان لەو ناوچەکە دەگەرێتەوە، و ئەم دابەشبوونەش چەند هۆکارێکی لەپشت بووە لەوانە بەناوبانگی و قەلەبالغی هەریەک لە ڕێگای ( کۆیە و شەقڵاوە)، و گونجاو کەش و هەوای ئەم بەشەی شاری هەولێر بەبەراورد بە بەشەکانی تری وەک بەشی باشورو باشوری خۆر ئاوا بەهۆی بونی پیشەسازی و کۆگای گەورە لەم ئاراستەیەی دەرەوەی ئەم شارە کە بە پێی توێژینەوەکانی تایبەت بە پیسووبنی ئاووهەوا بەدیاریان خستتوە کە بەشی باشوری خۆئاوای شاری هەولێر پیسترە بەبەراورد بە بەشەکانی تری شارەکە، هەلبەتە ئەمەش بە هۆکارێک دادەنریت بۆ نەبوونی مۆل لەم بەشەدا.

**خشتەی(3) دەرئەنجامی ئاراستەی دابەشبوونی مۆڵەکانی شاری هەولێر ساڵی 2026**

| خزمەتگوزاریی | بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون: بەهای (X) | بەهای (Y) | پلەی سوڕانەوە | ژ. مۆلەکان | ژ. مۆلەکانی ناو شێوەی هێلکەیی | ڕێژەی (%) مۆلەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە | ئاراستەی دابەشبوونی مۆلەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مۆڵ | 4007246.3 | 413049.7 | 47.3 | 8 | 4 | 50 | باشوری ڕۆژئاوا بۆ باکوری ڕۆژهەلات |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی تەکنیکی ئاراستەی دابەشبوون بۆ خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS) .

**ت- دووری پێوانەی مۆڵەکان(Standard Distance):** دووری پێوانەیی هاوشێوەی لادانی پێوانەییە لە ئاماری وەسفیدا، ئامانج لە بەکارهێنانی دەستکەتنی وەسفێکی وردە بۆ بلاوبونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە لە دەوری ناوەندی چەق، کە دووری پێوانەی بریتییە لە نیوەتیرەی بازنەیەک کە دەستپێدەکات لە ناوەندی چەقی دیاردەکان کە ئامانج لە بەکارهێنانی

گەیشتنە بە چۆنیەتی بلاوبونەوەی دیاردەکان لە ناوچەکەدا و دیارکردنی تەرزی دەبەشبونەکەیەتی لە نێوان دابەشبوونی سروشتی و گرتبونەوە و پەرشوبلاویدا، دووری پێوانەیی هەر دابەشبووێکی بریتییە لە ڕەگی دوجای چوارگۆشەکانی لاربونەوەی خاڵەکان لە ناوەندی چەقی ئەو خاڵانە، ئەگەر هاتوو ئەو بازنەیەی لە یەکسانە بە دووریەکی پێوانەیی (68.28%) توخمەکانی دیاردەکانی لەخۆگرتبوو ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی سروشتی دابەشبوونە و جگە لە هەرجۆرە دابەشبونێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەریکی ترەوە، بەجۆرێک دووری پێوانەیی لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە دایە لەگەڵ پەرتبونی دیاردەکە، هەرچەندە بەهای دووری پێوانەیی گەورەتر بێت لەناوەندی چەقی دیاردەکەوە ئەوەندە توخمەکانی دیاردەکە بڵاوتردەبن و لە یەکتر ناچن بە پێچەوانەی چڕی توخمەکانی دیاردەکە بەرزتر دەبێتەوە لە چواردەوری ناوەندی چەقی دیاردەکان بە کەمبونەوەی بەهای دووری پێوانەیی( فاطیمە قادر مصطفی و هۆشمەند جوهر عباس و تەنکە عوسمان سعید، لا112م سالی2022). پاش جیبەجێکردنی ئەم تەکنیکە لەسەر مۆلەکانی شاری هەولێر دەرئەنجامەکەی لە خشتەی(4) ونەخشەی(4) بەدیاردەکەوێت کە مۆلەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکانیان زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی ناسروشتی دەچێت بە گوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەکەیان کە جیاوازە لە ڕێژەی سروشتیەوە، بە جۆرێک (62.5٪)ی مۆلەکان کەوتەنەتە ناو بازنەی دووری پیوانەیی و نیو تیرەی دووری پێوانەییەکەی دەگاتە(3441.6م) و ڕووبەری بازنەی دووری پیوانەیی(27٪)ی ڕووبەری ناوی توێژینەوە پێک دەهێنێت، پاڵپشت بە هەموو ئەمانە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەوا دابەشبوونی مۆلەکان لە ناوچەی توێژینەوە شێوازێکی هەرەمەکی وەرگرتووە کە دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرهەلاتی شارەکە، ئەمەش لاوازی پلاندانانمان پیشان دەدات کە دابەشبوون و جێگیرکردنی مۆلەکان بەسەر بەشەکانی شارەکە.

**خشتەی (4) دەرئەنجامی دووری پێوانەیی دابەشبوونی مۆلەکانی شاری هەولێر 2026**

| خزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | دووری پێوانەیی | ژ. مۆلەکان | ٪ ژ. مۆلەکانی ناو بازنەی دووری پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|---|
| مۆلەکان | 413049.7 | 4007246.3 | 3441.6 | 8 | ٪62.5 |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بنکەی زانیارییە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی تەکنیکی دووری پێوانەیی بۆ شوێنی جوگرافی مۆلەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی(Arc GIS) .

**ث- تەرزی دابەشبوونی مۆلەکان(Average Nearest Neighbor Analyis):**

شیکردنەوەی نزیک هاوسێیەتی بە یەکێک لە شێوازە ئامارییە باوەکان هەژمار دەکرێت کە جوگرافیناسان پشتی پێدەبەستن بۆ دیارکردنی شێوازی دابەشبوونی دیاردە خاڵیەکان لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، چونکە ئەنجامی وورد دەدات بەدەستەوە لە لایەنی دەرخستنی بۆ پەیوەندی شوێنی نێوان توخمەکانی دیاردەکە، لەهەمان کاتدا مەودای بڵاوبونەوەی یان گردبونەوەیان دەردەخات جگە لە دەرخستنی بۆ ئاستی بڕوایی نموونە ئامارییە بەرهەم هاتووەکە، ئەم پێوارە بەهاکانی لە خشتەی(5) پیشاندراوە کە شێوازی دابەشبوونەکان ڕووندەکاتەوە،


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥


**خشتە(٥) بەهای نزکیترین هاوسێ و شێوازی دابەشبوونیان**

| بەهای نزیکترین هاوسێ(R) | شێوازی دابەشبوون |
|---|---|
| ٠,٠٠ – ٠,٠٩ | کۆکراوەیی (متجمع) |
| ٠,١ – ٠,٤٩ | لەیەک نزیکی کۆکراوەیی (متقارب عنقودي) |
| ٠,٥٠ – ٠,٩٩ | لەیەک نزیکی هەرەمەکی(متقارب عشوائی) |
| ١,٠٠ – ١,١٩ | هەرەمەکی (عشوائی) |
| ١,٢٠ – ٢,١٤٩ | لەیەک دوور(متباعد) |

أ- **سەرچاوە:** محمد صلاح مصطفى أبو صلاح، التحليل المكاني للخدمات التعليمية والصحية في محافظة طوباس، رساله ماجستير(غيرمنشوره)، جامیعة بیرزینت، فلسطين،٢٠١٦، ص٢٩ .

جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە لەسەر مۆڵەکانی شاری هەولێر بە سەیرکردن لە شێوەی(1) بۆمان دەردەکەوێت کەوا بەهای پەیوەندی نزیترین هاوسێ بۆ مۆڵەکان(1.8)، ئەمەش بەو واتایە دێت کەوا دابەشبونی مۆڵەکان لەناوچەی توێژینەوە شێوازێکی لەیەک دووری وەرگرتووە(متباعد)، و بەهای z-score، یەکسانە بە 4.33 ئەمەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتینەی ناچاری کە (-2.58 بۆ 2.58)تە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دابەشبونەکە بە شێوازێکی ناسروشتی دابەش بوونە، لەبەر ئەمە گریمانەی بنەرەتی رەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی مۆڵەکان لە شاری هەولێر شێوازێکی رێک و پێکی وەرگرتووە بەپێچەوانەوە دابەشبوونی مۆڵەکان شێوازێکی هەرەمەکیەوە هۆکارێکی لەپشت بووە.

**شێوەی(١) بەهای نزکیترین هاوسێەتی مۆڵەکانی شاری هەولێر**




سەرچاوە: توێژەران، بەکارهێنای کاری لەرێگەی پرۆگرامی ArcGIS، پاڵپشت بە جێبەجێکردنی تەکنیکی Average Nearest Neighbor Analyis

**تەوەری سێیەم: کاریگەری مۆڵەکان لەسەر راکێشانی گەشتیار:-**

**١- کاریگەری ئـابووری:** لەم سـاڵانەی دواییدا مۆڵەکان بونەتە بەشێکی گرنـگ لە پێکهاتەی ئابووری شارە گەورەکان، لە شاری هەولێر بوونی مۆڵە گەورەکانی وەک (ماجدی مۆڵ، مێگا مـۆڵ، فـاملی مـۆڵ و......هتـد) کـاریگەری زۆریـان هەیە لەسـەر چـالاکبوونی گەشـتیاری و گەشەی ئابووری، چونکە مۆڵە گەورەکان تەنها شوێنی شت کڕین نین بەڵکو ناوەندی کات بەسەربردن و خزمەتگوزاری جۆراوجۆرن، ئەم مۆڵانە یاریگا، سینەما، خواردنگە و مـارکە نێودەوڵەتیەکان لەخۆدەگرن کە ئەمەش بۆ گەشتیاران جێگەی سەرنجە، زۆرێک لە گەشتیاران لە ناوچەکانی ترو وولاتانی وەک تورکیا و ئێران و وولاتانی تر بەمەبەستی گەشت و بازاڕی کردن سەردانی شاری هەولێر دەکەن، مۆلەکان لەرووی ئابووریەوە دەبنە هۆی

**-زیادبوونی داهات/** ئەمەش لەڕێگەی سـەرفکردنی داهـاتی گەشـتیار لە کڕین و بـازاڕیکردن، خواردن وشوێنی مانەوە و شتی تر کە ئەمەش داهاتی ناوخۆ زیاد دەکات.

**-دروستکردنی هەلی کـار/** ژمـارەیەکی زۆر لە خەڵـک لە دوکـان و ڕێستۆرانت و پاراستن و بەڕێوەبردنی مۆڵەکان کاردەکەن.

**-چالاکبوونی کەرتـی خزمەتگـوزاری/** بێگومـان کـاتێ گەشـتیار ڕوو لە شـاری هەولێر دەکەن پێویسـتیان بە هۆتێـل و کەرتـی گواسـتنەوە هەیە کەوایە ئەم کەرتـانەش سـوودی ئـابووری وەردەگرن.

بۆنموونە داهاتی گەشتیاری لە شـاری هەولێر لەنێوان سـاڵانی(2022-2024 )بەم شێوەیە کە لە خشتەی(6)ئاماژەی بۆکراوە

**خشتەی(6) ناوەندی داهاتی گەشتیار لە شاری هەولێر لەنێوان ساڵانی(2022-2024)**

| ساڵ | ژمارەی گەشتیار | ناوەندی خەرجی | کۆی داهات |
|---|---|---|---|
| 2022 | 2,752,000 | 325 | 8،940،400،000 |
| 2023 | 7،279،913 | 325 | 2،365،971،725 |
| 2024 | 8,000,000 | 325 | 3،600،000،000 |

،Kurdistan region government (2023), tourism sector statistics. Erbil.KRG,
بڵاوکراوەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

*کۆی داهات= ژمارەی گەشتیار* ناوەندی خەرجی هەر گەشتیارێک(٣٢٥)

لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمـان دەردەکەوێت کە داهاتی گەشتیاری لە شـاری هەولێر لە مـاوەی ئەم سـێ سـاڵە بەردەوام لە زیادبوونـدابووە، لە سـاڵی2022 داهـات نـزیکەی 0.894 ملیـار دۆلاربووە دواتر لە سـاڵی 2023 داهات گەیشتۆتە (2.365) ملیـار وە بۆ سـاڵی 2024 دووبـارە داهـات زیـادی کـردووە بـۆ (2.600) ملیـار دۆلار ئەمەش ئامـاژەیەکی ڕوونە بـۆ گەشەی خێرا لەم بوارە.

**٢- کـاریگەری کـۆمەڵایەتی:** لەدوای سـاڵانی (٢٠٠٠)ەکـانەوە مۆڵەکـان بـونەتە یەکێـک لە گرنگترین شـوێنە بازرگـانی و کۆمەڵایەتیەکـان لە شـارە گەورەکـان. لە شـاری هەولێر وەک نموونەیەکی دیـار دروسـتکردنی مۆڵە گەورەکـان لە ناویـدا گۆڕانکـاریەکی گەورەی بەرپـاکرد لەسەر شێوازی ژیـانکردن و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکـان، مۆڵەکـان کاریگەریـان دەبێت لەسـەر

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان چونکە ئەو مۆڵانە بونەتە شوێنی دیداری هاوڕێیان کە ئەمەش پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پتەوتردەکات، و هەروەها چالاکییە خێزانیەکان قوڵتر دەکات لەجیاتی سەردانیکردنی مۆڵەکان و چێژوەرگرتن لەو خزمەتگوزاریانەی کە لە مۆڵەکان پێشکەش دەکرێت کە ئەمەش مانای پاراستنی ژینگەی خێزانە، کەوایە مۆڵەکان گۆڕانکاری قوڵ دروستدەکەن لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، لەگەڵ هەموو ئەمانەش هەرچەند مۆڵەکان کاریگەری ئەرێنیان هەیە لەسەر کۆمەڵگا بەڵام لەهەمان کاتیشدا کاریگەری نەرێنی دەبێت لە میانی کاریگەری مۆڵەکان لەسەر جیاوازی کۆمەڵایەتی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی چینایەتی چونکە مۆڵەکان هۆکارێکن بۆ هاتنی براندە جیهانیەکان کە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی کەلتوری بازاڕیکردن و هەروەها خەرجکردنی زۆر دێنێتە ئاراوە هەروەها دەبێتە هۆی لاوازبوونی بازاڕە کۆن و میلییەکان.

**٣- کاریگەری ژینگەیی:** مۆڵە گەورەکان لە شارە گەشەسەندووەکان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پلانی شارستانی و گەشەپێدانی گەشتیاری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دروستبوونیان تەنها کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو کاریگەری ژینگەییشی دەبێت. شوێنی دامەزراندنی مۆڵەکان کاریگەری لەسەر ئاراستەی جوڵەی خەڵک و گەشتیاران دەبێت بەجۆرێک ئەگەر مۆڵەکان لە ناوچەیەکی گەشتیاری دابمەزرێت ئەوا دەبێتە هۆی زیادبوونی قەبارەی هاتوچۆ ئەو کاتە قەبارەی هاتوچۆ لەم ناوچەیە زیاد دەبێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هاتوچۆیە تەنها شوێنێکی دیاری کراو دەگرێتەوە، دەتوانین کاریگەرییە ژینگەییەکان لە چەند خاڵێک ڕوونبکەینەوە:

**أ/ زیادبوونی هاتوچۆو پیسکردنی هەوا:** مۆڵە گەورەکان بەهۆی کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە سەردانیکارانی دەبێتە هۆی زیادبوونی ئۆتۆمبێل و گازە پەسکەرەکان ($CO_2$) کە ئەمەش پەیوەستە بە زیادبوونی کاربۆنی شار.

**ب/ بەکارهێنانی ووزە:** لە مۆڵەکان بەهۆی بوونی سیستەمی هەوا گەرمی، ڕووناکی و ساردکردنەوەی ناوەخۆ ووزە بە ڕێژەیەکی زۆر بەکاردێنێت، وە بێگومان ئەگەر هاتوو ووزەی پاک بەکارنەهێنرێت کاریگەری نەرینی و خراپی دەبێت لەسەر ژینگە.

**پ/ زبڵ و چارەسەرکردنی پاشماوەکان:** بێگومان چالاکیە بازرگانیەکان و ئەو ڕێستۆرانتانەی کە لەناو مۆڵەکان هەن دەبنە هۆکاری زیادبوونی پاشماوەی ڕەق، کە ئەگەر هاتوو سیستەمێکی ڕێکخراو نەبێت بۆ بەڕێوەبردن ئەوا کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ژینگە.

**ت/ کاریگەری سیاسی:** حکومەتەکان زۆر جار دروستکردنی مۆڵ بە بەشێک لە سیاسەتی گەشەپێدانی ناوخۆیی دادەنێن بۆنموونە لە هەرێمی کوردستان پرۆژە گەورەکانی وەک فامیلی مۆڵ، ماجدی مۆڵ بەبەشێک لە ستراتیژی ڕاکێشانی سەرمایە و گەستیار ناسراون کە دەبنە هۆی زیادبوونی گەشتیاری ناوخۆیی و دەرەکی و دروستبوونی وێنەیەکی شاری مۆدێرن لەدەرەوە بێگومان چالاکی گەشتیاری پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە دۆخی سیاسی بەجۆریک هەرچەندە بارودۆخی سیاسی جێگیربێت و ئاسایش بەرقەراربێت ژمارەی گەشتیاران زیاتر

دەبێت و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە واتە ئەگەر بارودۆخی سیاسی ناجێگیربێت و ئاسایشی ناوچەکە گونجاو نەبێت کاریگەری دەکاتە سەر ژمارەی گەشتیاران، بۆنموونە نائارامی بارودۆخی سیاسی عیراق وایکرد زیاتر چاو بکەویتە سەر هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی ئارام و ئەمەش وایکرد پرۆژەی بنیادنان و دروستکردنی مۆڵەکان لە هەرێم زیاتر بکرێت ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبوونی ژمارە و ڕێژەی گەشتیار.

**خشتەی(7) ژمارەی گەشتیارانی هەولێر لەنێوان ساڵانی (2007-2024)**

| ساڵ | ژمارەی گەشتیار |
|---|---|
| 2007 | 377,397 |
| 2013 | 2,000,000 |
| 2014-2015 | - |
| 2016-2019 | - |
| 2020 | - |
| 2024 | 8,000,000 |

Erbil city master plan-final report (jica planning report)

لەم خشتەی سەرەوە بەدیاردەکەوێت کە بارودۆخی سیاسی چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر چالاکی گەشتیاری بۆنموونە لە ساڵی(2007) ژمارەی گەشتیار (377,397) گەشتیاربووە بۆ شاری هەولێر کە ئەمەش ڕێژەیەکی باشە بۆ ئەو کات چونکە لەو کاتە شوێنە گەشتیارییەکان زۆر نەناسێندرابوون بەڵام بەسەرنجدان بۆ ساڵی(2013) دەبینین ژمارەی گەشتیار بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی بارودۆخی سیاسی و بەرقەراری ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکە، بەڵام لە ساڵی(2014) تاکو (٢٠٢٠) زانیاریەکان تۆمارنەکراون ئەگەر هەبن بێگومان ژمارەیەکی کەمە ئەمەش لە دەرئەنجامی نائارامی بارودۆخی سیاسی و ئاسایش بەهۆی شەڕی دژی داعش و دواتریش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی(covid19) لە ساڵی(2019-2020) بەڵام لە ساڵی (2022-2024) ژمارەی گەشتیار زیادیکردووە بۆنموونە لە ساڵی(2024) گەیشتوتە (8,000,000) کە ئەمەش لە دەرئەنجامی بەرقەراری ئەمن و ئاسایش و جێگیری بارودۆخی سیاسی ناوچەکەیە.

## تەوەری چوارەم: ئاسۆی داهاتووی مۆڵەکان و کاریگەریان لەسەر ڕاکێشانی گەشتیاری لە شاری هەولێر:

بەپێی ڕاپۆرتی (report(2014) Erbil city masterplan-final) لەلایەن ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (JICA) ئامادەکراوە، دەڵێ گەشەی خێرایی شار لەدوای 2005 بۆتە هۆی:

١-زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران.

٢-گەشەی پرۆژە بازرگانیە گەورەکان.

٣-گۆڕانکاری لە ستایلی گەشتوگوزار بۆ JICA ).Urban and Indoor Tourism (Report, 2014



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بێگومان ئاسۆی داهاتووی مۆڵەکان و پەیوەندی بەزیادبوونی گەشتیار پەیوەستە بە جێگیری بارودۆخی سیاسی بەشێوەیەکی سەرەکی هەروەها پلاندانانی شار لە دیاریکردنی شوێنی مۆڵەکان و سیاسەتی سەرمایە گوزاری بەردەوام.

ئەگەر بارودۆخی سیاسی ڕوونبکەینەوە لە هەر ناوچەیەک بارودۆخی سیاسی ناجێگیربێت بێگومان ژمارەی گەشتیار کەمدەبێتەوە، بۆنموونە لەماوەی شەڕی دژی داعش کەرتی گەشتیاری زیانێکی زۆری بەرکەوت و ژمارەی گەشتیاران زۆر کەمی کرد، پێش شەڕی داعش بەدیاریکراوی لە ساڵی (2013) ژمارەی گەشتیاران لە هەولێر 2,029,623 کەس بووە بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی داعش لە ساڵی (٢٠١٤) بێگومان ئەو ژمارەیە کەمی کردووە یاخود هەرنەبووە وە لەگەڵ ئەوەشدا لە خشتەی(7) ئاماژە بە تۆمارنەکردنی زانیارییەکان کراوە ئەمەش لەدەرئەنجامی نائارامی و خراپبوونی بارودۆخی سیاسی، هەروەها پلاندانای شار کاریگەری هەیە لەسەر داهاتووی گەشتیاری لەڕوانگەی دانانی شوێنی ستراتیژی و گونجاو بۆ مۆڵەکان واتە دروستکردنی مۆڵەکان لە ناوچە نوێیەکانی شار کە نزیکن لە ڕێگا سەرەکیەکان و پڕۆژە نوێیەکانی نیشتەجێبوون کە سەرئەنجام دەبنە شوێنی کۆبونەوەی گەشتیار، لەلایەکی ترەوە دەتوانرێت لەڕێگەی زیادبوونی سەرمایە گوزاری لەبواری گەشتیاری و دروستکردنی مۆلەکان ببنە هۆی زیادبوونی گەشتیاری ناوخۆیی و هەرێمی.

**خشتەی(8) پێشبینی ژمارەی گەشتیار بۆ ماوەی ساڵانی(2025-2035)**

| ساڵ | پێشبینی ژمارەی گەشتیار | ژمارەی مۆڵ |
|---|---|---|
| 2025 | 31,925,000 | 9 |
| 2027 | 3,623,348 | 11 |
| 2030 | 4,373,623 | 14 |
| 2035 | 50,995,037 | 19 |

سەرچاوە: ١-کاری توێژەران پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامار، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێم(2024).
٢-ڕێکخراوی گەشتیاری نێودەوڵەتی(2023) بۆ مۆدێلی گەشەی گەشتیاری.
٣-فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

لەم خشتەیە ڕووندەبێتەوە کە بەپێی پێشبینیەکان ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2025 لە (31,925,000) زیاد دەکات بۆ (50,995,037) گەشتیار بۆ ساڵی 2035، هەروەها پێشبینیکراوە ژمارەی مۆڵەکان لە (9) مۆڵ زیاد بکات بۆ (19) مۆڵ لە ساڵی 2035، بێگومان ئەمانەش لە میانی سەقامگیری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی دەبێت لەگەڵ بەگەڕخستنی سەرمایەی ناوخۆ و دەرەکی و هەروەها هاندانی گەشتیاری.

**دەرئەنجام:**

١-ژمارەی مۆڵەکان لە شاری هەولێر تەنها (8) مۆڵە کە دابەشبوون بەسەر (115) گەڕەک، هۆکاری کەمی مۆڵەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی ئەم مۆڵانە کە پێداویستی سەردانیکەرانیان پڕدەکەنەوە.

٢-لە کۆی (8) مۆڵ (6)یان لەسەر ڕێگا نیشینگەییەکان هەڵکەوتوون و بێگومان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێگایانە دەروازەی گەیشتنن بە سەنتەری شار ئەمەش واتە گەیشتن بەم مۆڵانە ئاسانە.

٣-ناوەندی شوێنی مۆڵەکان لە شاری هەولێر کەوتۆتە گەڕەکی خانزاد، کە دەکەوێتە بەشی باکوور و خۆرهەڵاتی شارەکە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مۆڵەکان لە ناوچەی تویژینەوە کەوتۆتە بەشی باکووری خۆرهەلاتی هەولێر.

٤-دابەشبوونی مۆلەکان لە شاری هەولێر شێوازێکی هیلکەیی وەرگرتووە بە ئاڕاستەی باشووری ڕۆژئاوا بۆ باکووری خۆرهەلات.

٥-مۆلەکان بە گشتی لەهەر ناوچەیەک و بەتایبەتی لە هەولێر کاریگەری زۆری هەیە لەڕووی ئابووری لەسەر زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، واتە مۆڵەکان بونەتە بەشێک لە گەشی ئابووری لە شارەکە بەجۆرێک داهاتی گەشتیاری لە شاری هەولێر لە ساڵی 2022 لە (894,400,000) زیادیکردووە بۆ (2,600,000,000) لە ساڵی 2024 کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەی خێرا.

٦-لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە مۆڵەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر چالاککردنی پەیوەندی خێزانی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکن بۆ دروستبوونی چینایەتی لە کۆمەڵگا، هەروەها لەڕووی ژینگەییەوە پێویستە لە پلانی شار ڕەچاوی ژینگەیەکی گونجاو بکریت بۆ مۆڵەکان هەروەها خودی مۆلەکان هۆکارێکن بۆ پیسکردنی ژینگە بۆهۆی فڕێدانی ڕێژەیەکی زۆری پاشماوە ڕەقەکان هەروەها پیسکردنی هەوا بەهۆی زۆری هاتووچۆکردن لەو ناوچانە.

٧-لەڕووی سیاسیەوە مۆلەکان کاریگەردەبن بەم باروذۆخە واتا تا بارودۆخی سیاسی گونجاوبێت و ئاسایش بەرقەراربێت ژمارەی گەشتیاران زیاد دەبێت و گەشت و گوزار چالاکتر دەبێت و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە هەروەک ئەوەی ڕوویدا لە ساڵی 2014 و ساڵانی دواتر بەهۆی شەڕەوە ژمارەی گەشتیار یەکجار کەمی کردووە.

٨-داهاتووی مۆڵ و جوڵەی گەشتیاری لە شاری هەولێر پەیوەندی هەیە بە جیگیری بارودۆخی سیاسی و هەروەها پلاندانانی شار لە دیاریکردنی شوێنی مۆڵ و سیاسەتی سەرمایەگوزاری و هەروەها وا پێشبینی دەکرێت ژمارەی گەشتیاران بۆ ساڵی 2035 زیادبکات بۆ 50,995,037 کەس ئەمەش لە ئەگەری جێگیری بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و بەگەڕخستنی سەرمایە لەم بوارە.

**ڕاسپاردە:**

١-پێویستە حكومەتی هەرێم و دامەزراوە پەیوەندیدارەكان پلانی تایبەت بۆ جێگیركردنی مۆڵە نوێیەكان دابنێن، بۆ ئەوەی دابەشبوونی جوگرافی مۆڵەكان هاوسەنگ بكرێت و كۆبونەوە لە ناوچەیەكی دیاریكراو كەمبكرێنەوە.

٢-دروستكردنی هێڵی گواستنەوەی گشتی و پاركینگە گەورەكان لە دەرەوەی ناوەندی شار، بۆ كەمكردنەوەی جەنجاڵی ترافیک.

٣-پێویستە دامەزراوە فەرمییەكان سیستەمێكی بەردەوامیان هەبێت بۆ كۆكردنەوەی داتای گەشتیاری بەمەبەستی دروستكردنی وێنەیەكی گونجاو بۆ داهاتوو.

٤-هەوڵبدرێت مۆڵەكان هاوكات لەگەڵ هۆتێل و شوێنی یاری و كلتوری لەیەک پرۆژەدا هاوبەش بكرێت بەمەبەستی زیادكردنی كاتی مانەوەی گەشتیار و بەهێزكردنی گەشتیاری شارستانی.

٥-پێویستە گەشەی مۆڵەكان لەچوارچێوەی گەشەی بەردەوام بێت، بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەو توانای ژێرخانی.

٦-فەراهەمكردنی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی هیمن بۆئەوەی گەشتیار لە كاتی هاتنی دڵنیابێت لە ئاساییشی ئەو ناوچەیەی بۆی دێت، بێگومان لە ئەگەری هێمنی بارودۆخی سیاسی و ئاسایش ژمارەی گەشتیار زیاد دەكات.

٧-هەوڵدان بۆ دانانی پلانی گونجاو و بەگەڕخستنی سەرمایەی بەردەوام بۆ دروستكردنی مۆڵی زیاتر تا ژمارەیەكی زیاتری گەشتیار ڕابكێشن.

## لیستی سەرچاوەكان:

1-الحمودة, نبيل زعل , الحميرى, موفق عدنان, الجغرافية السياحية فى القرن الحادى والعشرون, منهج واساليب و تحليل رؤية فكرية جديدة و تركيبة منهجية حديثة, دار الحامد, عمان الاردن, 2006.

2-توفيق,ماهر عبدالعزيز, صناعة السياحة, دار زهران, عمان, الاردن, 2006.

٣-جنابي, صلاح حميد, جغرافية الحضر, أسس و تطبيقات, دارالكتب للطباعة والنشر, جامعة الموصل, الموصل, ١٩٨٧.

٤-ديوانة,ئامانج أحمد حمدأمين على, المتركزات الجغرافية للتخطيط السياحى بقضاء سوران, رسالة ماجستير, كلية التربية, جامعة الموصل, 2008.

5-على,سوزان صديق, هەڵسەنگاندنی جوگرافی شوێنەكانی حهوانەوە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی صلاح الدین، هەولێر،2016.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

٦-عبدالامير,دنيا وحيد, التوزيع المكاني للمجمعات التجارية(المولات) في جانب الكرخ من مدينةبغداد بأستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS), جامعة بغداد, كلية التربية للبنات, مجلة جامعة العراقية, عدد٤٦.

٧-عزيز,ئەميرقادر, هەڵسەنگاندنی جوگرافی بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر،2013.

٨-علی, ساسان حکمت, رسول, مظفرأحمد, هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە سەنتەری قەزای مەخمور، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، 2020.

٩-علی، هەردی عبدالرحمن حمە، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، نامەی ماستەر، 2016.

10-فهمی,خالد فاروق, التحليل للمجمعات التجارية الرئيسية(المولات) في مدينة القاهرة بأستخدام نظم المعلومات الجغرافيةGIS, مجلة بحوث (العلوم الانسانية و الاجتماعية), عدد٥, ٢٠٢١.

١١-کريم,محمد مهدی, أحمد, ئامانج فواد, هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی لە شاری کەلار، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، 2019.

١٢-گوران,باسم قاسم سليمان، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان لە شاری بەردەڕەش بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکانGIS، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،2022.

١٣-مصطفی, فاطمة قادر, عباس, هوشمەند جوهر, سعيد, تەنکە عوسمان، توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزای ئاکرێ بە بەکارهێنانی سیستەمە زانیارییە جوگرافیەکانGIS، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ.٣، 2022.

١٤-نموذج مقترح لتقيم المراكز التجارية بالمجتمعات العمرانية الجديدة, مجلة كلية الهندسة, جامعة الغيوم, مجلة علمية محكمة نصف سنوية.

١٥- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، ڕاپۆرتی ساڵانەی ئامار، ٢٠٢٤.

١٦- ڕێکخراوی گەشتیاری نێودەوڵەتی(2023) بۆ مۆدێلی گەشەی گەشتیاری.

١٧- فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

١٨-http/w.w.w.scriba.com

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

١٩- Kurdistan Region Government(2023) Tourism sector statistics report, Erbil, KRG.

٢٠- World Bank, 2023, Tourism and economic growth, report wasnington, Dc; World Bank.

٢١- Erbil City master plan-final report(JICA planning report).

٢٢- JICA Report, 2014, Erbil Masterplan.

**List of sources:**

1- Al-Hammouda, Nabil Zaal, Al-Hamiri, Mowafq Adnan, Tourism Geography in the 11th and 20th Centuries, Methodology and Methods and Analysis of New Intellectual View and Combination of Hadith Methodology, Dar Al-Hamed, Oman Jordan, 2006.
2- Tawfiq, Maher Abdulaziz, Tourism Industry, Dar Zahran, Oman, Jordan,
3- Janabi, Salah Hamid, Geography of the Present, Foundations and Applications, Dar al-Kitb for Printing and Publishing, Mosul University, Mosul,
4- Diwana, Amanj Ahmad Hamad Amin Ali, Geographical Centers for Tourism Planning in Soran District, Master's Thesis, Faculty of Education, Mosul University,
5- Ali, Suzan Siddiq, Geographical Assessment of Shelters in Erbil, Master's Thesis, College of Arts, Salahuddin University, Erbil,
6- Abdulamir, Dunya Wahid, Spatial distribution of commercial complexes (Mulat) on the Karkh side of Baghdad using Geographical Information System (GIS), Baghdad University, Faculty of Education For Girls, Journal of the Iraqi University, No.
7- Aziz, Amir Qadir, Geographical Assessment of Religious Land Uses in Erbil Using Geographical Information System, College of Arts, Salahuddin University, Erbil,
8- Ali, Sasan Hikmat, Rasool, Muzaffar Ahmad, Assessment of the capacity of social services in the center of Makhmur district, Qalay Zanst Journal, French Lebanese University,

9- Ali, Hardi Abdulrahman Hama, Distribution of Educational Services in Halabja, Sulaimani University, College of Humanities, Master's Thesis,

10- Fahmi, Khaled Farooq, Analysis of the main commercial complexes in Cairo using the geographical information system GIS, Research Journal (Humanities and Social), No. 5,

11- Karim, Mohammed Mahdi, Ahmad, Amanj Fouad, Evaluation of High School Education Services in Kalar, College of Education, Garmian University,

12- Goran, Bassem Qasim Sulaiman, Geographical Analysis of Social Services in Bardarash City Using Geographical Information System (GIS), Master's Thesis, College of Arts, Salahaddin University, Erbil,

13- Mustafa, Fatima Qadir, Abbas, Hoshmand Jawhar, Saeed, Tanka Osman, Health Service Capacity in Akre District Using Geographical Information Systems (GIS), Journal of Raperin University, No. 3,

14- A model for the establishment of commercial centers in new construction companies, Faculty of Engineering Magazine, Al-Ghayum University, Scientific Journal of Nasf Sunwiya Court.

15- Kurdistan Regional Government, Ministry of Municipalities and Tourism, Annual Statistical Report,

16- International Tourism Organization (2023) for tourism growth model.

17- Erbil International Airport.

18- http/w.w.w.scriba.com

19- Kurdistan Region Government(2023) Tourism sector statistics report, Erbil, KRG.

20- World Bank, 2023, Tourism and economic growth, report wasnington, Dc; World Bank.

21- Erbil City master plan-final report(JICA planning report).

22- JICA Report, 2014, Erbil Masterplan.